# پاراستنی ئیرادەی سەربەخۆی جەماوەری ئێران ئەرکمانە!

**عوسمان حاجی مارف**

گەر ئەو هەلومەرجە بە فەرمی بناسین کە هەرئێستا کۆمەڵگەی ئێران لە بەرامبەر هەلومەرجێکی تازەی جدی و ئاڵوگۆڕێکی پڕ کاریگەر بەرەوڕووە، لەهەمانکاتدا ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی بەو مانایە پێشبینی لێدەکرێت کە کۆتایی کۆماری ئیسلامیە، پێویستە سەرنج و هەڵوێستەو کاریگەری و هەڵسورانی پێشڕەوانە لە ڕەوتی ڕوداوەکاندا لە بەرچاو بگیرێت و کاری لەسەر بکرێت، کە لە ڕاستای بەرژەوەندی بەدەستهێنانی ئایندەی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی ئێران هەنگاو بنرێت.

لەوانەیە سەبارەت بە خرۆشانە جەماوەریەکانی ئەم ماوەیە، بەدوای نزیک بە چوار مانگ لە بەردەوام بونیدا، وەها بێتە پێشچاو کە ئەو هەڵمەتانەی سەرەتا دەبینران لە خرۆشانی بەرفراوان و سەراسەری کە تەواوی شارەکانی ئێرانی شڵەقاندبوو، پاشەکشە بەناڕەزایەتیە جەماوەریەکان کرابێت، هەڵبەتە لە سیمای کەمبونەوەی جۆری خۆپیشاندانەکاندا ئەوە دەبینرێت کە لە یەک ڕۆژو لە یەک کاتدا، ئەوە ئاشکرایە کە لە زۆربەی شارەکاندا پێکەوە نمایشی ناڕەزایەتیەکان نابینرێت، ئەم حاڵەتە هەر جۆرێک بێت لە وێنایەک بۆ لێکدانەوە لە جۆری نمایشی ناڕەزایەتیەکان، بەڵام ئەوەی ڕەچاودەکرێت هیچ پەیامێکی وەهامان پێ ڕاناگەیەنرێت کە پاشەکشە لە بڕیاری ڕوخانی کۆماری ئیسلامی کرابێت، بەڵکو بە هەر سەرکوت و فشارێکی سەرسەختانە کە دادگاو هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕفاندن و گرتن و پەلامارو کوشتن و سێدارە ئەنجامی ئەدەن، خواست و هەوڵدان بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئاستەکەی ڕۆژبەدوای ڕۆژ بەرەو باڵاتر هەنگاو دەنێت و ئایندەی کۆتایی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نزیکتر دەخاتەوە، لەهەمانکاتدا شێوازی جۆراوجۆر لە خەباتی جەماوەری لە ڕۆژانی ئایندەدا خۆیمان نیشان ئەدات.

بە ڕوبەڕوبونەوەی هەر سەختی و بارگرژیەک لە چۆنیەتی دۆخەکەو پەرچەکردارێک دەسەڵاتی سیاسی دەینوێنێت، لە ساتەوەختێکی گونجاودا ئیمکانی تەقینەوەی بەرفراونی جەماوەری ئەرکی ئەو کۆتاییهێنانەی کۆماری ئیسلامی بەئەنجام دەگەیەنێت.

واته کۆتایی و مەرگی کۆماری ئیسلامی بەجۆرێک لە ناواخنی نارەزایەتیە جەماوەریەکانی تەواوی دانیشتوانی ئێراندا بۆتە پرۆسەیەکی عەمەلی راگەیەندراو، بەهیچ جۆرێک پاشەکشەو گەڕانەوەی تیا بەدی ناکرێت.ئەوەش جێگای سەرنجە لەهەمانکاتدا کۆمەڵگەی ئێران چۆتە قۆناغێکی تازە لە هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنەوەی رۆڵ و ئیرادەو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە دیاریکرنی چارەنوسی خۆیدا، بۆ بەدەستهێنانی ئیرادەیەکی شۆرشگێرانە لە پراکتیزەکردنی ئیرادەی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا، ڕەوتێکی پێشبینیکراوی هەنگاوەکانی ڕێڕەوی نارەزایەتیەکان و چۆنیەتی خرۆشانەکانە، کە هیچ هێزێکی سیاسی ناتوانێ بەئاسانی و بە رەهایی، بەبێگەڕانەوە بۆ ئیرادەودەوری خەڵک ئاوێزان بێت بە نارەزایەتیەکانەوە بۆ بڕیار دان لەسەر ئایندەی ئێران.

درککردن بەم پرۆسەیە لە چەسپاندنی ئیرادەو دەورو دەخالەتی راستەوخۆی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسیدا، لایەنێکی ئەرێنی و ئومێدبەخشە و دۆخێکی لەبارە بۆ هەر لایەنێکی یەکسانیخوازو ئازادیخواز گەر لە ڕێڕەوی خەباتی سیاسیدا ئیرادەی خەڵک بۆ دەوری لە دەسەڵاتی سیاسی و بریار لەسەر دیاریکردنی چارەنوسی سیاسی خۆیدا بەڕەسمی بناسن و بە ئەسڵ وەریبگرن، دەتوانن رۆڵێکی گرنگیان هەبێت بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان و سەرکەوتنی ئەو خرۆشانە جەماوەریە بەرەو شۆرشی کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی و دابینکردنی ژیانێکی باشتر بۆ خەڵکی ئێران بە رێرەوی دەستپێشکەری هاتنەمەیدان و چەسپاندنی رۆڵی دەسەڵاتی شوراکان لەباری عەمەلیەوە هەلومەرجێکی گونجاو و لە بارو ئەرێنیە.

لەلایەکی تریشەوە مەسەلەیەک کە پێویستە ئاماژەی پێبدەین،واقعیەتی بونی چەند لایەنێکی ترە لەنەگونجان و قەبوڵ نەکردنیان بە پرۆسەی پێشڕەوی جێگاورێگای ئیرادەو دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵکە لە دەسەڵاتی سیاسیدا، کە وەک پەرچەکردارێک لە هەوڵی خاڵیکردنەوەو بەلارێدابردنی ناڕەزایەتی و خرۆشانە جەماوەریەکانن، لە رێگای هەوڵدان بۆ نیشاندانی هێزی تایبەتی سەرو خەڵکی و دوور لە بەرژەوەندی گوزەرانی خەڵک و بەکارهێنانی خرۆشانە جەماوەریەکان، کە ئاکامەکەی بە قازانجی باڵێکی ترە لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرجوازی لە ئێراندا، یان بۆ پاشکۆبون و بەکارهێنانی بەرژەوەندی دەخالەتی هەر وولاتێکی سەرمایەداری زلهێزی دنیا کاری لەسەر دەکرێت.

هەرئێستا لە مەیدانی بارودۆخی سیاسی ئێراندا بە هەر ئاستێک لە دەرکەوتەی چۆنیەتی خرۆشانە جەماوەریەکاندا، وولاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاواو دەولەتی ئەمریکا، دەبینین چاودێریەکی بە پەرۆشی دۆخەکە دەکەن و باش دەزانن ئالوگۆرەکان لە ڕێگای دەورو کارکردی چونە پێشەوەی خرۆشانە جەماوەریەکان و کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی بە دەورو ئیرادەی خەلک، پێشبینیەکی واقعیەو ڕودانیشی ئەگەرێکی جدیە، بۆیە لە بۆچونی بەرژەوەندی ئەو هێزانەوە گەر ئەو ئاراستە جەماوەریە، پێشی پێ نەگیریت و بەلارێدا نەبرێت، سیستمی سەرمایەداری و دەورو دەخالەتی وولاتانی زلهێزی دنیا لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەخاتە بەردەم مەترسی پاشەکشەو کارەساتێکی گەورەوە.

بە مانایەک چەندە هێزە ناسیۆنالستە توندرەوەکان و فاشست و کۆنەپەرست و وولاتانی ئیمپریالی.. درک بەو مەترسیە دەکەن لە بەرامبەر خرۆشانی جەماوەری ناڕازی ئێراندا، بەوەی سیمای رۆلی ژنان و رادیکالبون و دژی ئیسلامی سیاسی و بەرزکردنەوەی ئالای یەکسانخوازی و یەکریزی تەواوی دانیشتوانی ئێران و ئاسۆی ژیانێکی باشتری لە خۆی نیشان ئەدات، چارەنوسی کۆمەلگەی ئێران بەرەو قوناغێکی یەکلاییکەرەوەو هەلگیرسانی کلپەی شۆرشێکی کۆمەلایەتی بۆ ئالوگۆڕی ڕیشەیی دەبات، لەهەمانکاتدا پێویستە هێزی ئازادیخوازو یەکسانیخواز و بزوتنەوەی ڕزگاری و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان، درک و هۆشداری تەواویان هەبێت بە مەترسی هەر دەخالەت و پلانێکی دژ بە رۆلی خەلک و بە جدی لە بەر چاوی بگرن و مامەلەی کەن و پوچەلی کەنەوە. چونکە لەگەل ئەوەی دۆخەکە هەلومەرجی شۆرشگێرانەی فەرهەم هێناوە، ئاشکرایە ئاوالەیی سیاسی بە جۆرێک کراوە دەبێت، هەلی گونجاو بۆ دەورو دەخالەتی هیزی دەولەتی و ناوچەیی و ناوخۆییش دەکاتەوە کە لە هەولی ئەوەدا دەبن ڕێرەوی ڕوداوەکانی بە زیانی خەلک و ڕاگرتنی گۆشەگیری و وەلاخستنی دەورو دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەلک بە شێوازی تر لە پێکهێنانی دەسەلاتی سیاسی سەرو خەلکی دوبارە بکەنەوەو جارێکی ترو بۆ چەندین سالی تر بێئیرادەیی بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشاندا بسەپێننەوە.

ڕوبەڕوبونەوەی ئەم مەترسیە پێویستی بە ئامادەیی و ڕێکەوتن و کاری هاوبەشی هێزە ئازادیخوازو رادیکال و کۆمۆنیست و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و ئینساندۆستانە لە

پاڵ جەماوەری ناڕازیدا پەیگیرانە هەنگاو بنێن و ئامانج و ئاسۆی خواستی جەماوەری ئێران بەسەرکەوتن بگەیەنن.